(٢-٢)

# کەسایەتی و پەیوەندیەکانی ژنانی هەوێدار

توێژینەوەیەکی سۆسیۆسایکۆلۆژیە (کۆمەڵگەی کوردی بە نموونە)

ئا: ستار باقی کەریم



**پرۆسە** یا دیاردەی هەوێداری، لە خۆیدا دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی ڕۆڵ و پێگە کۆمەڵایەتیە خێزانیەکانی نێوان ژنانی یەک خێزانە. ئەم ڕۆڵ دابەشکردنەش بە سەرۆکایەتی پیاو بەڕێوەدەچێت، چونکە لە پرۆسەی هەوێداریدا ژنان درک بە دابەشکردنی پێگە و تەنانەت خۆشەویستی و بایەخیشیان لەلای پیاوەکانیانەوە دەکەن، بۆیە لە قۆناغی هەوێداریدا ژنان پتر لەجاران گوێیان سووکتر و چاودێرتر دەبن بەسەر پیاوەکەیانەوە، بۆ ئەوەی لەوە تێبگەن کە ئاخۆ پیاوەکەیان پتر بایەخ بەکامیان دەدات، ژنی یەکەم (ژنی گەورە) یا ژنی دووەم (ژنی بچووک). چونکە هەموو کات لەنێو ماڵی فرەژن قسە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و خۆشەویستی و پێگە لەگەڵ دارایی دەکرێت، دیارە ئەوەشیان بەرماوەی یەکەم کاری دابەشکردنی ڕۆڵەکانی ناو خێزانە، ( ژیانی هاوسەرێتی، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی بچووکە، تیایدا داراییە بەدەستهاتووەکانی دوای هاوسەرگیری دەبێتە هاوبەش) (١). دەبێت لەوەش تێبگەین و لەهەمانکاتیشدا شرۆڤەی بکەین کە ( ژنان بە سروشتی خۆیان بوونەوەرێکی غیرەکارن) (٢)، هەڵبەت هەمان شت لە پیاوانیش بەدی دەکرێت، بەڵام پیاوان بەپێی ئەو پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و هتد.. . هەیانە لەنێو کۆمەڵگەی کوردی وای کردوە ئەم غیرەکردنە لەچاو گەورەیی شتەکانی تر بچووک دەرکەوێت، لەهەمانکاتیشدا ژنان بەحوکمی ئەوەی هەردەم نێچیرن و تەنانەت بگرە نمایشکراویشن لەلایەن خانەوادەکانیەوە، بۆیە ژنان دەیانەوێت ئەوانیش پێگەیەک بەدەست بهێنن نەوەکو بەهەمان ئەو شێوەیە بژین کە پێش شووکردن هەیان بووە، بۆیە ململانێی نێوان ژنانی هەوێدار یەک ڕەهەند لە خۆناگرێت، بەڵکو لەم کاتە ژنان پتر سەوداسەری ڕاستکردنەوە و خۆ ڕزگارکردنن لەم قۆناغەی پێشووتر کە تیایدا ژیاون. بۆیە لە قۆناغی هەوێداری ململانێی نێوان ژنان دەچێتە بواری نەخشەکێشان و سازدانی، تەنانەت بۆ خەوتنی شەوانەش. (یەکێک لە سیفەتەکانی موڵکداریێتی ئەوەیە، کەس بۆی نیە بەبێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی دەستبەسەریدا بگرێت، یاخود سوودی لێوەربگرێت) (٣)، هەریەک لە هەوێدارەکان لەگەڵ ئەوەی ململانێ لەسەر پیاوەکەیان دەکەن، لەهەمانکاتیشدا گومان بە ڕاست و دروستی مامەڵەی پیاوەکەشیان دەبەن! هەروەها دەشزانن کە پیاوەکەیان یەکێکیانی لە ئەویتر پتر خۆشدەوێت، بۆیە لێرەدا ململانێیەکە بێ پەروا دەمێنێتەوە و هیچ دەرئەنجامێکی یەکلاکەرەوەی لێناکەوێتەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە ململانێکە کاڵ دەبێتەوە، بەڵام کۆتایی نایەت.

خودی (موڵکداریێتی لە بنچینەدا موڵکداریێتی پیاوە) (٤)، لەوکاتە پیاو هەست بەوە دەکات بەسەر دوو بوونەوەر خاوەن دەسەڵاتە، کە پێی وایە ئەگەر ئەونەبێت ئیتر ژیانیان ناڕواتە ڕێوە، بێگومان ئەوەشیان پرۆسەی پەروەردەکردنێکی کۆمەڵایەتی دوورو درێژە، بۆیە پیاو لەژێر گوشارێکی ئاگایانەی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەڵدەستێت بە دانای خشتەیەک و نەخشەیە بۆ ئەوەی لەیەک کاتدا بە ئەرکی سەپاندنی دادوەری و یەکسانی هەڵسێت کە ئەوەشیان ناتوانرێت جێبەجێبکرێت. بێگومان پیاوانی فرە ژن، لەیەک کاتدا ناوی دوو ژنیان لە ناسنامەی باری کەسی دەخرێتەسەر، واتە دووژنیان وەک هەر کاڵایەکی تر بەناو دەکرێت. ( ژنانی هاوسەردار لەکۆتایی ناوی خێزانەکەیدا ناوی هاوسەرەکەشی زیاد دەکات) (٥).

دەشێت ئەم لێکدانەوە و شرۆڤەیە بۆ ئەو ژن یا پیاوانەی نەزۆکن شتێکی تر بێت، چونکە دەکرێت لە خۆمان بپرسین ئەگەر ژنی یەکەم نەزۆک بێت، پیاوەش ژنی دووەمی بەسەرهێنا، ئایا لەکاتی بوونی منداڵ لە ژنە نوێیەکە هەڵوێستی ژنی یەکەم چی دەبێت، ئایا بە ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵەکان هەڵدەستێ، ئایا منداڵەکانی وەک ئەوەی هی خۆی بێت خۆشدەوێت؟؟!! ئەوانە هەموویان پرسیار گەلێکن کە بەپێی هێز و توانای پیاوەکە و خودی ژنی یەکەمیش خۆی دەگۆڕێت. ئایا لەوکاتە سەرچاوە غەریزیەکان یا سروشتیەکانی مرۆڤ بەتایبەت ژنان چیان بەسەر دێت، بەتایبەت لەکاتێکدا ژنان پتر بەوە ناسراون کە خودان غیرەن، غیرەش لە خۆیدا (ترسێکە لە مرۆڤدا سەرهەڵدەدات و، مرۆڤەگەش زەندەقی لەوە دەچێت کە جێگەکەی پێ لەق بکرێت و کەسێکی دیکە شوێنی ئەو بگرێتەوە، هەمیشە لەوەش دەترسێت و لە دڵەڕاوکێی ئەوەدا دەژیەتن کە سۆز و خۆشەویستی بەرامبەرەکەی بدۆڕێنێت یا کار و پیشەکەی لەدەست بدات) (٦)، ژنان لەم کاتە پتر ترس باڵدەکێشی بەسەریاندا، چونکە هاوکێشەکە لەوەدا سەرچاوە دەگرێت، ژنی یەکەم دوای ئەوەی ژنی دووەمی بەسەرهات، بەشێک لە خۆشەویستی و بایەخی مێردەکەی لەدەستدەداتن، بەڵام دوای ئەوەی ژنی دووەم منداڵی دەبێت ئەوە ژنی یەکەم بەهەمان شێوە بەشێکی تری خۆشەویستیەکەی لەدەستدەداتن، ئەویش واتە پیاوەکە دەیداتە منداڵەکانی. بۆیە لێرەدا غیرەکە پتەو دەبێت و ئەمجارە ئێرەیشی دێتەسەر، واتە ژنی یەکەم یا هەوێی یەکەم لە بەخت و شانسی خۆی نارازی دەبێت، (ئێرەیی دەرئەنجامی جۆرێک لە تێرنەبوونە تا ئەوپەڕی نارەزایی مرۆڤ لە بەخت و چارەنووسی خۆی و، واشی لێدەکات هەمیشە پەست و دڕدۆنگ بێت) (٧). لێرەدا چاوەکانی چاودێری و گوێکان، ڕۆڵی سەرەکیان دەبێتە چاودێریکردنی تەنانەت قسە زۆر سادەکانی پیاوەکەشیان لەبەرچاو دەگرن. لەهەمانکاتیشدا پرسیارکردن لەبارەی دەمێکی تر بۆ بوونەوە و داهاتنی چانس و نێوچەوان سەرهەڵدەدات. پیاوەکەش لە توانای نامێنێت هاوسەنگی بکات و هەمان ئەو خۆشەویستیە بگەڕێنێتەوە کەسەرەتا دابوویە ژنی یەکەم. بۆیە هەرچەندە لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتی و خێزانیەوە ژنی یەکەم بە (ژنی گەورە) ناودەبرێ، بەڵام لە ڕووی دەسەڵات و بایەخەوە هیچی لەدەست نامێنێت و هەموو دەدرێت بە ژنی دووەم (ژنی بچووک)، پیاوان لەم کاتە تەنها دەتوانن لەڕێگەی دەسەڵاتی دارایی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن.

( دەبێت پیاوانی فرە ژن، ووشیار بن، بۆ ئەوەی دیاردە و دەروونی غییرەیی ژنەکانیان و ڕقیان نەوروژێنن، بۆیە دەشێت ئەوەیان ئاشتی و تەبایی و هیواکانی خانەوادەکەیان برمێنێت، چونکە زۆر کات ژنی یەکەم پلەی یەکەم لەبەرامبەر ئەوانیتری پێدەدرێت) (٨).

پرۆفیسۆر کارفر پێی وایە (ململانێ سیفەتێکی سەرەکیە لە سروشتی مرۆڤەکان، تەنانەت بەلای ئەو هاریکاریش وێنەیەکە لە وێنەکانی ململانێ) (٩)، لەسەر ئاستی پەیوەندیشدا، بەلای ژنانی هەوێدار پیاوەکانیان بە چەق و خاڵی سەرەکی بەیەک گەیاندنی هەردووکیان دادەنرێت، بەڵام پەیوەندی پیاوەکان سەرەرای پەیوەندیەکانی تری وەکو (کۆمەڵایەتی، یاسایی و بایۆلۆژی و هتد.....) ئەوە دەبێتە پەیوەندیەکی وەزیفی و هەروەها بەرژەوەندچێتی، لەهەمانکاتیشدا خودی پەیوەندی هەردوو هەوێیەکان خۆیان دەچێتە قاڵبی بەرژەوەندی و بە ناچاری ژیانکردن، هەر لەوکاتەش هەردووکیان بەشێوەیەکی تەکتیکی بەردەوام مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن، بەڵام بێبەش نابن لە بوونی خاڵی هاوبەش، کە ئەویش سەرەرای پیاوەکەیان بریتی دەبێت لە دارایی و چارەنووسی هاوبەش، کە ئەوەشیان بۆ ژنانی وەزیفەدار جیاواز دەبێت. ئەگینا هەردوو هەوێ لە ململانێیەکی بەردەوام و بێکۆتادان، زۆرکات ئەو ململانێیە کاردەکاتە سەر ئابوری ماڵ و خێزان، لەوەش پتر بگرە دەبێتە هۆی دەستبڵاوی و هەندێک کاتیش فێڵ و درۆ و پارانەوە و بگرە قەرز وەرگرتنیش، نەک هەر ئەوانە بەڵکو ئەم دۆخە لەو منداڵانەشیان ڕەنگدەداتەوە کە لە دایکبووی هەر یەکێکیانن، بۆیە بەدەگمەن نەبێت ئەگینا پەیوەندی نێوان هەوێکان خۆیان و منداڵەکانیشیان نابێتە پەیوەندیەکی بایۆلۆژی ڕاستەقینە و خوێن و دەمارگیری. زانای سۆسیۆلۆژی بارک کاتێ باس لە پیاوی یەکلایکەرەوە دەکات دەڵێت (ئەو پیاوەیەکە قەدەر لە نێوان دوو کۆمەڵگە یا دوو کولتوری دژ بەیەک بە ئاگای دێنێت، ئەوەش وای لێدەکات زەینی ببێتە بۆتەقەیەک و تیادا کولتورەکان دەشێلێت و تێکەڵیان دەکات) (١٠). هەڵبەت کەسایەتی پیاو وەک ڕابەر و سەرکردەیەکی نێو خێزانەکەی دەبێت ڕەنگدانەوەی دیاری بەسەر ڕەوش و دۆخی ناو خێزانەکەشی هەبێت، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردەواری بەردەوام ژن کراوەتە بوونەوەرێکی چاو لەڕێ و پیاویش بوونەوەرێکی چاوەڕێ بەخش، بۆیە هەموو کات ژنانی هەوێدار وا داردەڕێژرێن کە چاوەڕێ بن و پیاوانیش خۆیان بە ئەرکی دارشتنی خشتەیەک بۆ بەسەرکردنەوەیان هەڵدەستن، دەشێت هەردوولاشیان لە دارشتنی ئەم خشتەیەیان ئاگاداربن و بەشداریشی تێدا بکەن. بۆیە زۆربەی کات ژنانی هەوێدار دوای ماوەیەکی درێژ لەشەڕ و ململانێ دەشێت ببنە نموونەی ژنانێکی پشوو درێژ لە ژیانی هاوسەرێتی و هەوێداری، لەهەمانکاتیشدا پتر لە ژنانی تر بەشوێن ماف و ئەرکەکانی خۆیان دەگەڕێن، هەروەها پتر چاو کراوەتردەبن و شارەزاتریش دەبن لە فێڵ و قسە باوەکانی پیاوان، بۆیە ئەو ژنانەی هەوێدارن کەمتر بەزەییان بە پیاوان بەگشتی و پیاوەکانی خۆیان بەتایبەت دێتەوە. ئەوەش واتای خۆش نەویستن نیە، بەڵکو واقیعێکە و ژیانی ڕۆژانە و مامەڵەی پیاوەکانیان بە تێپەڕبوونی کات دەیسەلمێنێت و فێریان دەکات.

## سەرچاوەکان

١-سعدون، نای بن سعدون، مافەکانی ژنان لە دەستپێکەوە تا ئەمڕۆ، و. کارزان محمد .لا ١٠٨
٢ -ئەنتەرنێت، عادل سادق،
WWW.NEELWAFURAT.COM
٣ -امام، امام عبدالفتاح امام، تێروانینێک لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و ئافرەت، و. ئەژین عبدالخالق،لا ٩٤.
٤-هەمان سەرچاوەی (٣) لا ١٠٢
٥- هەمان سەرچاوەی (١) لا١٠٨
٦ - گرانت، ولیەم گرانت، تۆ بەسەرخۆتدا زاڵیت، و. شێرزاد حەسەن. لا ٢٠٣
٧-هەمان سەرچاوەی (٦) لا ٢١٣.
٨ -د. شکریی، علیا شکری و د. محمد الجوهری و د. السید محمد الحسینی، الاسره ومشکلاتها فی المجتمع المعاسر، ل ٢٤٢.
٩-الوردی، د. علی الوردی، مهزله العقل البشری، ل ٨٣
١٠- مرحبا، محمد عبدالرحمن مرحبا، جدید فی مقدمه ابن خلدون، ل ٢٣٧- ٢٨٠



# ژنان بۆچی باری دەرونییان تێک دەچێت

ئا : شەیدا مەعروف/سلێمانی

**زۆرن ئەوانەی** کەباری دەرونیان تێک چووەو خێزان پێوەی گرفتاردەبێت بۆیە هەرچیەک بکەن دەبنەجێگەی باسی خەڵک هەربۆئەم دیاردەیە بەپێویستمان زانی بچینە ماڵی یەکێک لەوژنانە کە ماڵەوەیان داوایان لێکردین کەنابێت ناویان بنوسین تەنها بەپیت ئاماژەمان بەناوەکای کرد ( ن ٠س) کچێکی تەمەن (٣٠) ساڵ بوو، کاتێک دایکی باسی کرد ووتی هەرلەمناڵیەوە وای لێهاتووە لەسکمابووە کاتێک نەخۆش کەوتوم دەرزیەکم داوەلەخۆم ئیتر کاری کردۆتە سەر (ن) بۆیە ئێستاش خۆم بەتاوانبارئەزانم بەرامبەر ( ن ) چەندین جار بردومانەتە لای دکتۆری دەرونی بەڵام چاک نابێت وچەندین شێخمان پێکردووە بۆئەوەی یەک چارەمان بۆبدۆزنەوە هەنامان بۆچەندها شت بردووە بەس لەبەرئەوەی چاک بێتەوە یەک شت کەزۆر وام لێدەکات بێزاربم لەدەستی ئەوە یە هەندێ کات کە دەچمە شوێنێک بەپەلە دەگمەوەماڵەوە لەبەر ئەوەی نەک کچەکەم توشی شتێکمان بکات جارێکیان ماوەی چەند سەعاتێک ون بوو چوبوە ماڵی دراوسێکەمان لەوێ زیانی گەیاندبوو بەمناڵەکەیان ئیتر بەبڕی (٤) ملیۆن ڕێک کەوتنینەوە چونکە کەسێکی ئاسایی نیە.

هاوسەری ( سەیران ) ووتی لەوەتەی وای لێهاتووە یەک سەعات بەتەواوی ئیسراحەتم نەکردووە چونکە ماوەی دوومانگە باری دەرونی تێک چووە بەهۆی کێشەی من وکوڕەکەمەوە ئێستا کەمێک باشە چونکە هەست ئەکەم بەرەو باشتر دەڕوات جاری واهەبوو هەستاوە پەلاماری منی داوە بم خنکێنێ چونکە دەڵێت بەهۆی تۆوە کوڕەکەم سەری هەڵگرتوە ئێستا ئەودوومناڵەم زۆرخراپ فێربوون دەبێت خۆم بەردەوام ئاگاداریان بم چونکە زۆرباش ئاگاداریان ناکان خراپیەکەی لەوەدایە کەدەگاتە نێوەڕۆ ئیتر حاڵەتی باش نابێت، چونکە بیری دەچێتەوە کەنان وئاویان بداتێ کاتێک من و کوڕەکەم بووبەشەڕمان ئیتر چەکوشێکم دابەسەری کوڕەکەمداو ئەویش بورایەوە لەتاوئەو (سەیران ) باری دەرونی تێک چوو ئەوەتا کەئێستا پێوەی گرفتارم هەموو سەروەتەکەم بۆخەرج کردوە بەدکتۆر بەڵام تەواو باش نابێت نازانم بۆچی وام بەخۆم کرد بۆچی وام کرد ٠

کەچومە خوازبێنی باسی هیچیان بۆنەکردم تا دوای یەک مانگ دەزگیرانی ئینجا بۆم دەرکەوت کە باری دەرونی تەواو نیە کاتێک ویستم لێی جیا ببمەوە وتیان شتی وانابێت ئێمە داومانە بەتۆ دەبێت بێتە ماڵی تۆ قسەی خەڵک ناهێنینە سەرخۆمان منیش لەبەر خوا هیچم نەوت بەڵام کاتێک ویستم بیگوێزمەوە شتێک ڕووی دا لەنێوانماندا ئیتر بۆم بوو بە بیانوو منیش نەمهێڵا بێتە ماڵەکەم دوای سێ ڕۆ تەڵاقم دا وەک بۆیان باس کردووم کاتێک کە ( ف) تەمەنی دەگاتە ( ٢٥) ساڵ ئامۆزایەکی دەست درێژی دەکاتە سەری و ئەویش زۆری پێناخۆش دەبێت ئیتر بەهۆی بیرکردنەوەی باری دەورنی تێک دەچێت کاتێک کەخێزانەکەی بەمە دەزانن دەچن بەکوڕەکەی ئامۆزای دەڵێن بەڵام ئەو حاشا لەوشتە دەکات بەڵام وەک باسیان کرد لەساڵی (٨٠) کانەوە ئەو وای لێهاتووە بۆیە چەندین جاربردویانە کارەبایان لێداوە بەلام چاک نەبووە کاتێک لە ( ف) دە بیەنەلای دکتۆری دەرونی ئەو بەسەرهاتەکەی خۆی دەگێڕێتەوە ئیترماڵەوەشیان بەمەدەزانن بەڵام دکتۆرەکە دەڵێت بیدەنە شوو باش دەبێت ئەوانیش بۆیە دەیدەنەمن منیش نەمزانی ئاوایەئەمەش بەسەرهاتی (ف) بوو لەزمانی ( کاروان نجات).

شەو درەنگان بوو کاتێک لەقیژەی ( منیرە ) بەئاگاهاتم چەند گریاو چەند پاڕایەوە دایەگیان با بڕۆین تاقەتم نیە لەم ماڵەدا بژیم ووتم کچم بەم شەوە بۆکوێ بڕۆین ئیتر نازانم بۆچی وای لێهات ئەو کاتێک کەباری دەرونی تێک چوو تەمەنی (١٥) ساڵان بوو بۆیە زۆریش گوێم پێنەدا ووتم لەوانەیە باش بێت کاتێکیش کە بە باوکیم ووت ووتی هیچ نیە زۆری لەگەڵ مەڵێ باش دەبێت بۆیە وەک دکتۆری دەرونی لێم پرسی ورد چومە ناوباسەکەوە ووتی دایکە تۆ بۆچی باوکمت کوشت ئەی کێ باوکمان بێت ئیتر بەهێواشی بۆی گێڕمەوە کەمن پەلاماری باوکیم داوە وکوشتومەوە ئەویش ئاگای لێبوە خوێنی باوکی ڕاژاوە بەمە باری دەرونی تێک چووە کاتێک کەچومەلای شێخێک بۆم گێڕایەوە ووتی ئەوە لەخەودا بووە بۆیە وای لێهاتووە چەندین دوعام بۆکردوە خستومەتە نێو جل و شتەکانی بەڵام چاک نابێت زۆرپێم ناخۆشە خەمی ئەوەمە کە چاک نەبێتەوە منیش پیوەی گرفتاربم ٠ منیش بەدبەخت ترین کەسم لەنێوخێزانەکەمداچونکە تەنها من ماومەتەوە ئێستا دایکم حاڵی زۆرخراپە کاتێک کە باوکم پێشمەرگە دەبێت بە بەرچاوی دایکم وخوشکە گەورەکەمەوە باوکم سەری دەبڕن ئیتر هەردووکیان بەتەواوی تێک دەچن تەنها من ودووبرابچوکەکەم بەساغی دەردەچین چونکە ئەوکاتە مناڵ بووین وەتا ئێستا بەدەست دایکەمەوە زۆر هیلاکم چونکە بۆ خەستەخانەنەبێت بۆهیچ شوێنێک ناتوانم بڕۆم ئێستا لەناو جێگەدا کەوتووە خوشکەکەشم باش بوو زوومرد لەو ڕزگارم بوو ئێستا دایکم بەتەنها لەژورێکدایە و من و دووبراکەم بەیەکەوە ئەژین نەمهێڵاوە ئەم بارە کاربکاتە سەر ئەوان چونکە ئەوان خوێندکار نامەوێت وەک من دواڕۆژیان لەکیس بچێت